# پیاوی بیٚ ژن و
# خوای دوای ئەنفالەکان

**هۆشەنگ شێخ محەمەد**
2006/4/17

**تۆش وەك ڕێحانەکان هەناسەی باخەوان تێکەڵ بە خاك و باخچە ئەکەیت**
**تۆش وەك ( با ) ئەباریتە ناو باخەڵی ئەم گەڵا دڵدارانەوە و ماچی هەورییان پیٚ ئەبەخشیت**
**وەکو باران ئەفڕیت بەسەر ماڵی لیمۆیە عاشقەکان و مەمکیان ئەخەیتە ناو پەنچەی ڕەنگەوە**
**تۆش جوانبە .. ئەی کوڕی هەتاو .. وەك سێبەر**
**تۆش فێنك بە وەك حکایەتی عەشق**
**دەنگێك با لەتۆوە بۆ ژیان بڕژیٚ بەسەر گەڵاکان و جۆگەکاندا**
**پڕشنگێك با لە لێوانتەوە وەك کوریکەی هەنارەکان بخزێتە پەنجەکانی منەوە**

**دڵخۆشبە ئەی کچی شەنگەبی لە نێو دەستی بارانێکی عاشقدا**
**دڵخۆشبە ئەی بەژنی قەتمەر لە ژوانی بۆن و ڕەنگی تریفەدا**

**بڕژیٚ .. بڕژیٚ بەسەرما وەك خەون داگیرم کە**
**وەك شعر پەرشم کە لەنێو زمانی گیا و حەرفی مێکوك و پنتی حەوزێکی پڕ خەیاڵ**
**ئەی بەژنی روناکی لە تاریکاییمدا داگیرسیٚ ..**

* * * * * * *

**لە خامۆشیدا رووناکی دەست ئەخاتە ملی تاریکی و  و تاریکیش ماچی ئەکات**
**ئەوانیش ئادەمیانە تێکەڵاوی یەك ئەبن و لەناو یەکدی فەنا ئەبن**
**لیٚ زەمەن نازانیٚ لە ترسانە یان لە خۆشەویستی..؟!**

**پەلکێك لە داری ئەنفالەوە هەناسەی خوای تێدا وشك ببوو**
**گەڵایەك دەنگی خوای پێچابۆوە و بەو گوندەدا وەرببوو**

**دارێك پەنچە بیٚ ڕەنگەکانی خوای لەناو مەمکە وشکەکانیدا هەڵگرتبوو**
**ڕەگێك رووباری شیرێکی وشکەوەبووی بەهەشتی لەخورجینەکەی خۆیا بۆ خوا هەڵگرتبوو**
**تۆ بیرکەرەوە ئەی پیاوی بیٚ ژن**
**چەند لە خوای دوای ئەنفالەکان ئەچیت؟!**